## لە ساڵیادی "فروغ"ی فەڕۆخزاد

# ڕادەکەم لەو مرۆڤانەی کە بەڕواڵەت لەگەڵم هاودەمو یەک ڕەنگن بەڵام لەناخدا، لەپەستی خۆیان، سەدام تۆمەتیان لەداوێنم دا

"فروغ"ی فەڕۆخزاد لە ١٥ی مانگی "دەی" ساڵی ١٣١٣ی ە، لەگەڕەکی ئەمیرییەی تاران لەبنەماڵەیەکی مام ناوەندیو پیاوسالاردا لەدایك بوو، دایکی، "توران وەزیری تەبار"، ژنێکی ماڵدارو خانەنشین بوو بەهەموو تایبەتمەندییەکانی، ژنێکی ڕۆژهەڵاتییەوە، ئەوەندە میهرەبانو لێبوردوو بوو کە بە وتەی فروغ تەنانەت بۆ ڕووەکانی باخچەکەش دەپاڕایەوەو نزای دەکرد.

باوکی، سەرهەنگ "محەمەد فەڕۆخزاد"، ئەفسەری سوپا بوو و لەکودەتای "ڕەزا شا"دا بەشداری کردووە، باوکی فروغ سەرەڕای ئەوەی سوپایی بوو، هۆگری شیعریش بوو، جارجارە لەتەنیایی خۆیدا، "حافز" و "سەعدی" دەخوێندنەوەو هەر ئەوەش فروغی کێشایە داوی شیعرەوە، فروغ چوارەمین منداڵی بنەماڵەکەی بوو، خاوەنی چوار برا بوو بەناوەکانی "ئەمیر" ، "مەسعوود" ، "مێهرداد" و "فەرەیدون" و دوو خوشکیشی هەبوو، "پووران" و "گلۆریا".

فروغی تازە پێگەیشتوو، وەکو هەموو کچانی هاوتەمەنی خۆی، هۆگری شیعر بوو، بەڵام خۆیشی نەیدەزانی ئەو شەیداییە، جیاوازەو لەیاد ناکرێت. دەستێکی باشیشی لەنیگارکێشاندا هەبوو، دیسانەوەش هەموو پێیان وابوو کە ڕۆژێك لەچنگی هونەر دەرباز دەبێت، بەڵام چارەنووس ڕێگەیەکی دیکەی بۆ دیاری کردبوو، فروغ خۆی ئاوا باسی ئەو سەردەمە دەکات:

"کتێب لەدوای کتێبو شیعر لەدوای شیعر بوو کە دەمخوێندەوە، هەر ڕۆژ پڕترو لێوڕێژتر دەبووم، دەبوایە بەچەشنێك هەموو ئەو خوێندنەوانەم بەتاڵ کردایەتەوەو دەرم ببڕیایە، لەسەریەك شیعرم دەگوت، پەرتوکم لەسەر پەرتوگ ڕەش دەکردەوە، لەپشت مەکینەی بەرگدرووی، کاتی شیوکردن، بەبەردەوامی دەمخوێندنەوەو دەمنووسی، لەتەمەنی سێزدەو چواردە ساڵاندا، گەلێ غەزەلم دانا، بەڵام هەرگیز بڵاوم نەکردنەوە".

بۆ خوێندنی ناوەندی چووە دواناوەندی "خەسرەوی خاوەر"و هەر لەو سەردەمەدا بوو کە سروشتی هەستیاری فروغ، تێکەڵ بەشیعر دەبوو، فروغیش، فروغی (ڕۆشنایی) بەرهەم دەهێنا، هەست ناسکیو ناسینی شیعر، لەتەمەنی ١٦ ساڵیدا، دەروازەی عەشقی بەڕوو کردەوە.

لەساڵی ١٣٢٩ ی هەتاویدا، لەگەڵ نەوەیەکی پووری دایکیدا، ژیانی هاوبەشی پێکهێنا کە ١٥ ساڵ لەخۆی گەورەتر بوو بەناوی "پەرویز شاپوور"، ئەم عەشقو ژیانە هاوبەشییە کوتو پڕە، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ کەشی پیاوسالارانەو بێبەری لەخۆشەویستی بنەماڵەکەی، فروغ پاش تەواوکردنی پۆلی پێنجی ئامادەیی (سێی دەبیرستان)، لەپەیمانگای هونەری ژنان، درێژەی بەنیگارکێشان دا، بەڵام پاش پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، خوێندنی بەنیوەچڵی بەجێهێشت. "پەرویز شاپوور" کارمەندی شەریکەی نەوت بوو و فروغ لەگەڵ ئەو لەساڵی ١٣٣٠ ی هەتاویدا، ڕووی کردە شاری "ئەهواز".

تەنیاییو دوری لەبنەماڵەو زێدی خۆی، هاندەرێکی باش بوون بۆ ئەوەی زیاتر فروغ ڕووبکاتە شیعر.

"من بیر لەبێگەردی یارییەکانو
ئەو کۆڵانە درێژو تەنگەبەرە
کە پڕە لەبۆنی دار ئاقێقەکان
دەکەمەوە"..

لەو سەردەمەدا، کەمو زۆر، شیعرەکان لەگۆڤارەکاندا، بڵاودەبێتەوە، ئیتر دەرفەتی ئەوەی هەبوو کە هۆنراوەکانی ڕێکو پێك بکات، هەتا لەساڵی ١٣٣١ی هەتاویدا یەکەمین بەرهەمی بەناوی "ئەسیر"، لەچاپدرا، "ئەسیر"، ٤٤ پارچە شیعری لەخۆگرتبوو.

فروغ کە لەبنەماڵەکەیدا، دایکێکی سادەو خۆش باوەڕی هەبوو، هەرگیز نەیتوانی لەوەها چوارچێوەیەکدا دەرکەوێ، بەڵام لەبەختی خراپی، لەزەمەنو شوێنێکدا دەژیا کە یان ژنیان لەو چوارچێوەدا پەسن دەکردو یان لەژندا بەدوای بونەوەرێکی چێژبەخشدا دەگەڕان، بەڵام فروغ نەیتوانی خۆی لەگەڵ وەها بونەوەرێکدا بگونجێنێو پێدەچێت ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە بووبێت کە ئەوی لەزەمەنو شوێنی خۆی پێشتر دەخست، فروغ لەلوتکەی تۆمەتبارکراویو تەنیاییدا، لەوەسفی ژنانی هاودەورەی خۆیدا دەنووسێ:

"پەنام بدەن ئەی ژنانی سادەو
کامڵ
وا لەسەر پێستەوە، سەر پەنجە
ناسکەکانتان
شوێن ڕەوتی جوڵانەوەی چێژ
بەخشی کۆرپەلەیەك دەکەوێتو
لەدرزی بەرۆکتاندا، هەمیشە
هەوا
تێکەڵ بەبۆنی شیعری تازە
دەبێت".

لەگەڵ بڵاوکردنەوەی شیعری "گوناهم کرد، گوناهێکی پڕ لەچێژ"، لەیەکێك لەگۆڤارەکانی ئەو کاتەدا، هەراو زنایەکی گەورە بەرپا دەکات.

ئەو کاتە هیچ شاعیرێك ئەو ڕێگەیەی بەخۆی نەدابوو کە لەیاسا نەبینراوو زاڵەکان بەسەر کۆمەڵدا، کە ساڵها بوو سینگ بەسینگ گوێزرابوونەوە، لابدات، هەر بۆیەش ناوی سۆزانیان سەپاند بەسەر فروغێکدا کە هێڵە سورەکانی بڕیبوو ئیدی کەواتە بەر شالاوی نامیهرەبانی.

"ڕادەکەم لەم مرۆڤانەی کە بەڕواڵەت لەگەڵم هاودەمو یەک



ڕەنگن
بەڵام لەناخدا، لەپەستی خۆیان،
سەدام تۆمەتیان لەداوێنم دا"

قسەو قسەلۆك، کاریگەری لەسەر ژیانی هاوپەشی فروغ دادەنێو چیدی ئەو ساڵەی بەعەشقەوە بینای کردبوو، وەکو شوێ،ی متمانەو حەوانەوەی نەمابوو، چیدی هاوقسەیەکو هاونشینێك نەمابووەوە کە ڕازی دەروونی لابکاتەوە، لەگرتینی هەڵچوونی شیعریو شەڕەکانی لەگەڵ نەیارانیدا بوو کە هەستی بەجوڵانەوەی چێژ بەخشی کۆرپەلەیەك کرد کە لەسکی خۆیدا.. ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی، بووە خاوەنی کوڕێکو ناوی لێنا "کامیار". ئەم میوانە بچووکە بۆ ساڵێك توانی سارێژی ئازارەکانی دایکی بکات، دنیای منداڵیو هەموو بێبەشییەکانی خۆی لەکامیاردا دەدۆزییەوە.

بەڵام ڕۆژگار لاپەڕەیەکی دیکەی بۆ فروغ هەڵدایەوەو ئەم بەختەوەرییە بچووکە لەشالاوی تۆمەتەکانو نامیهرەبانیەکاندا ون بوو، سەر لەنوێ تانەو توانج دەستی پێکردەوەو لەبەر ئەوەی ئەمجارەیان "شاپوور"یش ببوە هاودەنگی ئەوانی تر، چیدی نەیتوانی بەردەوام بێت، ڕۆحی ناسکی فروغ لەگەڵ شەڕو کێشەدا نەدەگونجاو ئەو ماڵەی کە ڕۆژانێك ژوانگەی عەشقە ساواکەی بوو، لەبری ئەوەی پشتو پەنای بێت، بووە سەنگەرێك لەدژی خۆی، بەهەرحاڵ فروغ بڕیاری خۆیداو لەساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی لە "پەرویز" جیابووەوە، بەڵام یاسا دواکەوتوو و دژە ژنەکان، منداڵەکەی لێدەسەننەوە، بەبێ ئەوەی مافی ئەوەی هەبێت منداڵەکەی ببینێت، بۆ هەمیشە ئەهواز بەجێدەهێڵێت لەحاڵێکدا، کە تەنیا یادگارەکەی واتە "کامیار"، بەیادگار بۆ ئەهواز بەجێدێڵێو فروغ ١٦ ساڵی ڕەبەقو تا کۆتایی ژیانی، هەرگیز منداڵەکەی خۆی نەبینیەوە.

"کاتێ متمانەی من لەپەتی
سستی دادخوازییەوە شۆڕکرابۆوەو
لەهەموو شاردا
دڵی چراکانی منیان لەت لەت
دەکرد
کاتێ چاوە منداڵانەکەی
عەشقی منیان
بەدەسترەی ڕەشی یاسا
دەبەستەوەو
لەشەقیقەی نیگەرانی
ئاواتەکانی من
فوارەی خوێن دەپژایە دەرەوە
هیچ نەبوو"

لەساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی بەتەنیاییو ئازاری بڕستبڕی دووری لەکامیار دووهەمین کۆمەڵە شیعری خۆی بەناوی "دیوار" بڵاوکردەوە، ڕۆژژمێری ژیانی فروغ لەم سەردەمەدا، بروسکە ئاسا تێپەڕیو هەر ساڵەو دیوانێکی لەچاپدا، بۆشایی تەنیایی، تەنیا بەشیعر پڕدەبووەوەو شیعر کە بەوتەی خودی فروغ خواوەندێکی خوێنمژە، قوربانی لەفروغ وەردەگرت، لەساڵەکانی (١٣٣٥) و (١٣٣٦)ی هەتاوی، دوو دیوانی "دیوار"و "عوسیان"ی بڵاوکردەوە، کە هەر کامەیان لەکاتی خۆیدا، هەرای نایەوە، لەساڵی (١٣٣٧)ی هەتاویدا، "ئیبراهیم گوڵستان"، دەرهێنەرو دۆکۆمێنتاری سینەمایی ناسیو ئەم ناسینە دەسپێکی ئیشی سینەمایی فروغ بوو، لەساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی بۆ خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لەمەڕ دەرهێنانی فیلمی "ئاگر" سەفەری کرد بۆ بەریتانیا، هەر لەو ساڵەدا، هاوکاری "کۆمپانیای گوڵستان"ی کرد بۆ دەرهێنانی چەند فیلمێکی بەڵگەنامەیی (دۆکیۆمێنت)

فروغ لەساڵی ١٣٣٩ی هەتاویدا، لەفیلمی "خوازبێنی"دا ڕۆڵی بینیو لەساڵی ١٣٤٠ی هەتاویدا لەئامادەکردنی بەشی سێهەمی فیلمی "ئاوو گەرما"دا ڕۆڵی هەبووەو هەر بەو ساڵەشدا بوو کە فیلمی "ئاگر" ڕاگیرا.

بەڵام لوتکەی چالاکی سینەمایی فروغ لەساڵی ١٣٤١ی هەتاویدا ڕەنگی دایەوە، لەبەهاری ئەو ساڵەدا، فروغ سەفەر دەکات بۆ "تەورێز"، بۆ ئەوەی فیلمێك لەسەر ژیانی "گوڵ"ەکان دەربهێنێت، سینەمای ئەو ساڵانەش کە سینەمایەکی باوو چەقبەستوو بوو، شاهێدی سەرهەڵدانی فیلمێکی بەتەواوەتی جیاواز بوو کە سەبارەت بەکۆمەڵە کەسانێك بوو کە تەنانەت خەڵك بەقێزەوە باسیان لێوەدەکردن. لەپاییزی ئەو ساڵدا توانی ئەو دەسکەوتەی لەژیانی سێ مانگەی خۆی لەگەڵ گوڵەکان دەستکەوتبوو، لەسەر پەردەی زیوینی سینەما وێنا بکات.

"ئەم ماڵە ڕەشە" کورتە فیلمێکی بەڵگەنامەیی لەسەر ژیانی ئەو "گوڵانە" بوو کە سەرەڕای هەموو چارەڕەشییەکانیان، وەکو هەموو خەڵکانی دیکە، ژیانی ئاسایی خۆیان دەبەنە سەر، نانیان دەخوارد، دەخەوتن، خەنەیان دەگرت، چاوە کەم سۆماکانیان دەڕشت، هاوسەرگیرییان دەکرد، سەمایان دەکردو دەژیان، تەنیا لایەنی جیاوازییان لەمرۆڤی ئاسایی "گولی" بوو و ئەمەش ئەو شتە بوو کە لەخەڵکانی دیکە زیاتریان هەبوو.

لەم سەرو بەندەدا، فروغ کوڕێکی بچکۆلانە دەناسێ بەناوی "حسێن" کە باوکی تووشی نەخۆشی گولی بووە، بەنەبوونی "کامیار"دا، "حسێن" دەکات بەمنداڵی خۆیو لەتەنیاییدا، ئەوەی دەبوو بە کامیاری ببەخشێت، لەگەڵ حسێن دابەشی دەکات.

لەزستانی ١٣٤٢ی هەتاویدا، خەڵاتی سەرکەوتوترین فیلمی بەڵگەنامەیی بۆ فیلمی "ئەم ماڵە ڕەشە"، بە فروغ دەدرێت.

ناسینی سینەما، ئەزموونی تالی ژیانی رابردوو، کاریگەری یاساکان لەسەرچارەنووسی مرۆڤەکان، دەلاقەیەکی دیکە بەڕووی فروغدا دەکاتەوە، بەچەشنێك کە دواتر سەبارەت بەبەرهەمەکانی خۆی دەڵێ "بایەخو هەست روکەشیانەی کچێکی گەنجن، هەر لەو ساڵەدا، کۆمەڵە شیعرێك بەناوی "لەدایکبوونێکی دیکە" بڵاودەکاتەوە، کە لەڕاستیدا لەدایك بوونێکی دیکە بو بۆ ئەو.

چیدی شیعرەکان عاتفیو ژنانە نین، چیدی گرفتی فروغ، پیاوسالاریو نامرۆڤی نیە، ئێستا فروغ بیر لەخەلکانی گەڕەکی "قەسابخانە" دەکاتەوە کە تەنانەت ئاوی حەوزەکانیشیان خوێناوییەو بیر لەکەسێك دەکاتەوە کە دێتو نانو برسێتیو دەرمانو پێڵاو مەکتەبو هەموو شتەکان بەیەکسانی دابەش دەکات.

هەر لەم ساڵەدا دەست بەنوسینی کۆمەڵی شیعری "باوەڕ بهێنن بەسەرەتای وەرزێکی سارد"، دەکات کە بۆ هەمیشە بەناتەواوی دەمێنێتەوە.

لەپاییزی ساڵی ١٣٤٤ی هەتاویدا یۆنسکۆ، فیلمێکی نیوکاتژمێری لەژیانی فروغ دروست دەکاتو "بێرناردۆ بێرتۆلۆچی"، دەرهێنەری بەناوبانگی ئیتاڵی، فیلمێکی ١٥ خولەکی لەسەر ژیانی فروغ دروست دەکات.

فروغ لەهەموو ژیانی خۆیدا، عاشقی خێرایی بوو و هەمیشە پێش زەمەنی خۆی دەکەوت.

سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممەی ٢٤ە مانگی بەهمەن ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی، وەکو ڕۆژان سواری ئوتومبیلەکەی دەبێت تا لاپەڕەیەکی دیکە لەرۆژگار هەڵبداتەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە، ئەو گەیشتبووە دوالاپەڕەی ئەم پەرتووکە.

فروغ لەو ڕۆژەدا، لەجادەی (درووس ـ قۆلهەك) لەشاری تاران، تووشی کارەساتی ئوتومبیل دەبێتو دەستبەجێ گیان لەدەستدەدات، مەرگی فروغ لەلوتکەی پشکوتنی بەهرە شاعیرانەکەیدا ڕوویداو ئەمە هەمان مانای ماڵئاوایی لەلوتکەدایە.

تەرمی فروغ ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی مانگی "بەهمەن" بەبەشداری نوسەران، شاعیرانو دەرهێنەرانی فیلم لەگۆڕستانی "زەهیرالدەولە"، بەخاك دەسپێردرێت.

پاش مەرگی فروغ، بەرهەمە بڵاونەکراوەکان، لەلایەن "پوران فەڕۆخزاد"ی خوشکیەوە کۆکرایەوەو لەدیوانێکدا بەناوی "

باوەڕبهێنن بەسەرەتای وەرزێکی سارد"، بڵاوکرایەوە.

فروغ ئاڵاهەڵگری، ژنانی پێشکەوتوو بیروباوەڕ جیاوازو خۆڕاگرەو ناوی هەتا، هەتایە بەزیندویی دەمێنێتەوە.

"فڕین لەیاد مەکە
باڵندە دەمرێ"

**سەحەر تەحویلی**
**و/ ناهیدەی حوسێنی**

---

**"دەی" ـ ناوی مانگی (١٠)ی هەتاوییە کە ڕێکەوتە لەگەڵ مانگی (١)**

**"بەهمەن" ـ ناوی مانگی (١١)ی هەتاوییە کە ڕێکەوتە لەگەڵ مانگی (٢) بەزایین**

**تێبینی/**
**ڕێوان وەك زمانحاڵی ژنان، یادی هەموو ئەو ژنانە شکۆ ڕادەگرێت کە ئاڵا هەڵگری پێشکەوتوخوازو شەڕیان لەگەڵ عادەتو سونەتێك کردووە کە بونی ژن وەك خود دەسرێتەوە.**